بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

# روونکردنەوەیەك سەبارەت بە لەدایکبوونی عیسا پێغەمبەر ( درودو سلاوی لەسەر بێت ) :

﴿ قل يا اهلَ الكتابِ تَعالَوْا إلى كَلِمَةٍ سَواءٍ بَيْنَنا وَ بَيْنَكُمْ الا نَعْبُدَ الا اللهَ وَ لانُشْرِكَ بِهِ شَيْئا وَلايَتَخِذَ بَعْضُنا بَعْضاً أرْباباً مِنْ دونِ اللهِ فَإنْ تَوَلَوا فَقولوا اشْهَدوا بِأنا مُسْلِمون ﴾ آل عمران/ **64**

★ بەرلەوە بچینە ناو باسەکەوە ، دەبێ بزانین کەلەدایکبوون وژیانی هەموو پێغەمبەرەکان – لەئادەمەوە بۆ خاتەم درووديان لەسەر بێت – لای ئیسلام و موسوڵمانان پیرۆزو نرخێنراوە ، چونکە هەریەکەیان هەڵگری پەیامێکی خوایی بووە بۆ ئیصلاح وچاکسازیی نێو گەل و نەتەوەکەی خۆیی و بێ ئۆقرە بووە بەرامبەر کێشەو گرفتەکانیان .

★ وە هەریەکەیان بە راست و رەوان بوون و تاك و تەنیایی خوای بۆ خەملاندووون ، ئەوانیش بوويانە قبوڵیان کردووەو تەسلیم بووە، بووشیانە هەر چەلەحانێ و دەمبازی و قرە قرِی بووە، هەتا خواش سزاو جەزرەبەی داون و کردوونی بە پەندو عیبرەت بۆ نەوەکانی دوای خۆیان.

★ لای موسڵمانان هیچ فەرق و جیاوازییەك نیە لەنێوان پێغەمبەرەکاندا – وەك ئەوە کەپێغەمبەرن – وە ئیمان و باوەڕیان بە هەمووان هەیە، وەکو دەفەرموێ: ﴿ قولوا آمنا بالله وما أنزل إلينا وما أنزل إلى إبراهيم وإسماعيل وإسحاق ويعقوب والأسباط وما أوتي النبيون من ربهم لانفرق بين أحد منهم ونحن له مسلمون ﴾ بەقەرە /136، واتە: بڵێن: ئەی ئیمانداران! ئێمە باوەڕمان بەخواو بەو پەيامە هێناوە دابەزێنراوە بۆمان (قورئان) و بەو (صحوف)انەش بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل ئیسحاق و یەعقوب و نەوەکانی هاتوون ، وە بەو پەیامەش بە مووسا و بەعیسا دراوە ، بەوەش بەپێغەمبەرەکانی تردراوە لەلايەن خواوەندیانەوە ، وە ئێمە لەناو هیچ کامێکیاندا فەرق وجیاوازی ناکەین و گوێرایەڵ و ملکەچی فەرمانی خواین ؛ دینی ئیسلام – کەکۆتا ئاینی ئاسمانیەو کورتەو پوختەی هەموانەو ، جگە لەوەش پەیامێکی هەتا هەتاییە- گشت ئەندام ورۆڵەکانی لە سەر برایەتیی و تەبایی و یەکتر خۆشویستن پەروەردە دەکات ، لەسەر تەوحید و ئولوهیەت و ربووبیەتێکی راستەقینە تێدەگەیەنێت ، لەسەر ئیمان ورێز بۆهەموو پێغەمبەران بێ هیچ فەرق وسوونێك لە نێوانیاندا, لە سوورەتی ئالی عیمران) ئایەتی (84- 85 ) یشدا هاتووە:(قل آمنا بالله وما أنزل علينا وما أنزل على إبراهيم وإسماعيل وإسحاق و يعقوب والأسباط وما أوتي موسى وعيسى والنبيون من ربهم لا نفرق بين أحد منهم ونحن له مسلمون* ومن يبتغ غيرالإسلام دينا فلن يقبل منه وهو في الآخرة من الخاسرين)، دەکرێ هەندێ لەپێغەمبەران ماندووتر بووبن و پتر توشی ئازارو بێزار بووبن و بە( أولوالعزم ) ناویان هاتووە لە قورئاندا ، جا لەو سۆنگەیەوە دەشێ هێندێکیان لای خوا سەرخرابن لە رێزو پلەدا: (تلك الرسل فضلنا بعضهم على بعض منهم من كلم الله..) سوورەتی( بەقەرە: 253).

دینی ئیسلامی پیرۆز پێغەمبەران گشت بەپێغەمبەری خوا دادەنێ‌و ، ئیمانیشی بەتاکە تاکەیان فەرزکردووەو ، سەرجەم شوێنکەوتووەکانیان بە برای موسڵمانان دادەنێت ، وە لەگەڵێ ئایەتی قورئاندا داوای ئاخافتن وحیواریان لێدەکات بۆ تێگەیشتن لە پەیامەکانی خواو وەلانانی هەرکێشەو نیزاعێکی نێوانیان ، بەڵێ لەدایکبوونی هەرپێغەمبەرێك لەپێغەمبەران- سلاویان لێبێت- سەرکەوتن وژیانەوەیەکە بۆ کۆمەڵگە ، وە لەبەرامبەر ئەوەوە پێویستە موسڵمانان شوکرانە بژێریی خوا بکەن بە عیبادەت و خوا پەرستیی وپتر روو لە خوا کردن ، نەك بە ئاهەنگ وفیستیڤاڵ ، بە تایبەتی ئەگەر کاری ناشەرعیی و گوناح وتاوانی تێدا حەلاڵ بکرێت، وەکو ئێستا کە بەناوی لەدایکبوونی (عیسا) پێغەمبەرەوە هەزاران میهرەجانات وئیحتیفالات دەبەسرێ و ، هەزاران هەزار جۆر تاوان وگوناحی تێدا دەکرێت: عارەقخواردنەوەو تێکەڵبوونی کچان وکوران ، بێگومان ساڵیادو یاد کردنەوەی ئاوا لە دینی ئیسلامدا حەرام و قەدەغەیە و نابێ رێی پێبدرێ , کەوابوو هەر شتێك لە شەریعەت ودینی ئیسلامدا رێی پێنەدرابێت ، نابێ موسڵمانانیش بە هی خۆیانی بزانن و بیکەنە جەژن وجەژنە پیرۆزەی تێدا بکەن, لە ئیسلامدا تەنها ئەو دوو جوژنە(قوربان) و(رەمەزان) رێیان پێدراوە, ئیتر بۆ لە دایکبوونی هیچ کەسێك تەنانەتی پێغەمبەرانیش ئاهەنگگێران نیە.

ئێمە لە دایکبوونی هەموو پێغەمبەران دەنرخێنین و حورمەت ورێزی بۆ دادەنێین, عیسایش- عليه السلام- یەکێکە لەو پێغەمبەرانەو , هەم خۆیی و هەم خاتوو( مەریەم) دایکی واتەماشا دەکەین کە قورئان وەصفی کردوون ؛ داهێنان وجەژنگێران – بەهەربۆنەیەکەوە –

کەلەئیسلامدا جێی نەبوبێتەوە ، خۆ ئامادەکردن بۆئەو بۆنەو جەژنانە قەدەغەیە ، چ جای ئەوە جەژنی تیا بگێردرێ ، من وا دەزانم گرنگیدان بەم جۆرە جەژن وبۆنانەو ، پشتگوێخستنی بۆنەو جەژنە ئیسلامییەکان ، - بۆ نموونە : کاتێ ساڵی کۆچی نوێ دەبێتەوە – کوا ئەوەندە باسی هەیە ؟! کوا راگەیاندن شتێکی لەسەر بڵێت ؟ تەنانەتی لەسەر میمبەرەکانیش ئەوەندە چڕ ناکرێتەوە !

بێگومان (عیسا) پێغەمبەر - سلاّوی لەسەر بێت – کاتێ لە دایك دەبێ ، هەر موجیزەیە ، چونکە دەسەلاّت و توانایی خوای بالاّ دەست نەبێ ، ژن بێ مێرد چۆن حامیلە دەبێ و منداڵی دەبێ .. ؟ وە کاتێکیش جوولەکە پیلانیان دارشت بۆ کوشتنی و هێرشیان کردە سەریی و خوا پاراستی لێیان و یەکێ لە خۆیانیان کوشت وایان زانی عیسایە ! هەر موعجیزەیە .. وە کە خوا رزگاری دەکاو بەرزی دەکاتەوە بۆلای خۆی و بۆدوایی دێتە خوارەوە هەرموعجیزەیە ، قورئانی پیرۆز چەندە رێز لەخاتوو مەریەم دەگرێت و پاکانەی بۆدەکات ، کاتێ جوولەکە بوختانیان بۆ کرد : ﴿ و بكفرهم و قولهم على مريم بهتانا عظيما ﴾ سوورەتی (نیساو : 156) یان چۆن بە درۆیان دەخاتەوە کاتێ دەڵێن لە (سێدارە) ماندا : ﴿ وقولهم إنا قتلنا المسيح عيسى ابن مريم رسول الله و ما قتلوه و ما صلبوه و لكن شبه لهم و إن الذين اختلفوا فيه لفى شك منه ما لهم به من علم إلا اتباع الظن و ما قتلوه يقينا بل رفعه الله إليه و كان الله عزيزا حكيما و إن من أهل الكتاب إلا ليؤمنن به قبل موته و يوم القيامة يكون عليهم شهيدا ﴾ 157/4 – 159 ، هیوادارم شوێنکەوتووەکانیشی دوای ئامۆژگارییەکانی بکەون و بە بەندەی خوای دابنێن و نەیکەنە کوڕی خوا ! ﴿ لقد كفر الذين قالوا إن الله هو المسيح ابن مريم و قال المسيح يا بنى إسرائيل اعبدوالله ربى و ربكم إنه من يشرك بالله فقد حرم الله عليه الجنة و مأواه النار و ما للظالمين من أنصار ﴾ 72/5 ، باوەڕ بە وتەو ئامۆژگارییەکانی بکەن : ﴿ و إذ قال عيسى ابن مريم يا بنى إسرائيل إنى رسول الله إليكم مصدقا لما بين يدى من التوراة و مبشرا برسول يأتى من بعدى اسمه أحمد .. ﴾ 6/61.

هیوادارم ئەم ساڵەیان بکەنە ساڵی گۆرانکاریی و هێمنی و ئاسودەیی و جیهان و ئەوەندە زەبرو زۆر و زوڵم و ستەم لەجیهانی ئیسلامییەت نەکەن ، وە بەپێی مەفهووم و چەمکی ئەم ئایەتە پیرۆزە بکەن کەدەفەرموێ : ﴿ .. ولتجدن أقربهم مودة للذين آمنوا الذين قالوا إنا نصارى .. ﴾ 82/5 . وە دەڵێین : ( ذلك عيسى ابن مريم قول الحق الذى فيه يمترون ) 34/19 .

**لە کۆتاییدا : ( و سلام عليه يوم ولد و يوم يموت و يوم يبعث حيا ) .**

**احمد کاکە محمود**

1426/11/29 ك

2006/1/1 ز